## کارکردن لەمەڕ دۆسیێ کەسانی بێسەروشوێنکراو چۆن دەتوانێ ڕۆڵی هەبێت لە لێبوردەیی و ئاشتی و سەقامگیری کوردستان و عێراقدا ؟

**وتاری عومەر محەمەد**



ئەوەی لێرەدا دەیخوێنەوە ئەو وتارەیە کە رۆژی ٤ی ئایاری ٢٠١٥ لە کۆنفرانسی کۆمیسیونی نێودەولەتی بۆ کاروباری بێسەروشوێنکراوان ( ICMP) لە هۆتیل دیوانی شاری هەولێر لە رۆژی دووهەمدا بەشێوەی داتاشۆ پێشکەشم کرد، لێرەدا خاڵێک هەیە دەبێت رونی بکەمەوە ئەویش ئەوەیە کە وتارێکی وەک ئەمەی بەردەستت لەماوەیەکی کورتدا دەرەفەتی خوێندنەوەی هەمووی نابێت بەڵکو لە هۆڵی کۆنفرانس تەنها لە رێگەی تایتڵ ووێنەکانەوە رۆچومە نێو بابەتەکەوە، خۆشبەختانە جێگەی رەزامەندی و پێشوازی ئامادەبوون بوو. بەهیوام لێرەدا خوێنەر دەرفەتی خوێندنەوەی هەموو وتارەکەی بۆ برەخسێت وراسپاردەکانیش ببنە مایەی کارپێکردنی ( ICMP) کۆمیسیونی نێودەوڵەتی بۆ بێسەروشوێنکراوان و وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق و وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان .

بێجگە لەم کەسانەی خراونەتە روو کەسانی تریش هەن کە شایەتحاڵن یان باس دەکەن کەسانی ئەنفالکراویان لەولاتانی عەرەبی دیوە .

**پێکهاتەی بابەت :**

1. گرنگی دادپەروەری و فراوانبوونەوەی مافەکانی مرۆڤ
2. کۆپی بەڵگەیەکی پێویست .
3. بێسەروشوێنان لە عێراق وکوردستان
4. ئەرکی دەزگاکانی حکومەت ورێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی .
5. لێبوردەیی و چیرۆکی ئەو کەسانەی ونبوون و دۆزراونەتەوە،
6. سەرەداوی ونبوان وکەمتەرخەمی لایەنە پەیوەندیدارەکان
7. گرفتی دەربازبووان .
8. راسپاردەکان

## بەرایی

## بەڵگەیەک بۆ بەرچاوڕونی

بەرێز بەڕێوبەری ئاسایش

رێزوسڵاو

رێکەوت ۱۹۹۰/۹/۲۲۵ بە فەرمانی بەرێز بەرێوەبەرئەم رێنماییەی پێداین :

(لە پرۆسەکانی ئەنفالی قارەمانانە گیراون و هەتا ئێستا دەستبەسەرن ) .

بگۆردرێت بۆ ئەم گوزارشتە

هیچ زانیارییەکمان دەربارەی چارەنوسیان نیە)

بگۆردرێت بۆ ئەم گوزارشتە.

بۆ ئەوەی وردبین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوحاڵەتانەدا .



السيد المدير المحترم

م/ تقرير

بتاريخ ١٩٩٠/٩/٢٥ أمر السيد المدير المحترم بالتوجيه الآتي :-

تكون عبارة ( لم تتوفر لدينا معلومات عن مصيرهم )

بدلاً عن عبارة ( وقبض عليهم في عمليات الأنفال البطولية ولا زالوا محجوزين حالياً ) .

لغرض أن تكون دقيقين في التعامل مع هكذا حالة .

م. بلان

طرحت في المؤتمر

الشهري

السابق

١٩٩٠/١٠/١٨

## بێسەروشوێنان لە عێراق .

بێگومان عێراق بەقۆناغی مەترسیداری جەنگ وپێشێلکاری مافی مرۆڤدا تێپەڕیوە، چ لەسەردەمی ڕژێمی سەدام و پێشتریش چ لەدوای ڕوخانی ڕژێمی سەدامیش پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەئاستێکی مەترسیداردا بووە. بەپێی سەرچاوەکانی حکومەتی عیراق بێسەروشوێنکراوانی عیراقی لە نێوان ٢٥٠٠٠٠٠ دوسەدو پەنجا هەزار کەس بۆ یەک ملیون کەس دەبێت لەنیوانیاندا بێسەروشوێنانی کوردو عەرەب زۆرترین ڕێژە پێک دەهێنن . لە ٢ی نیسانی ئەمساڵدا فارس بریفکانی ڕایگەیاند سەرۆکی لیژنەی تەندروستی و ژینگە لەئەنجومەنی نیونەرانی عیراق , ئاماری بێ سەروشوێنانی دوای پرۆسەی ئازادی لەعیراق ئاشکرا کرد کە یەک ملیون کەس بێسەروشوێن کراون وتەنها لە بەغدا ١٧٠٠٠ کەس بێسەروشوێنکراون .

بێسەروشوێنانی کورد:

1 کوردانی فەیلی
2 کوردانی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ وە
3 پێشمەرگە ئەوکەسانەی لەپشوی خۆیاندا کەوتوونەتە بەردەست یاخود لەکاتی جەنگدا بەدیل گیراون .
4 زیندانیانی سیاسی بەتایبەتی خوێندکاران ومنداڵانی خوارتەمەن ١٨ ساڵ کە دائیرەی ئەمن لە ناوماڵەکانی خۆیاندا یاخود لەناو خوێندنگاو لەخیابان گرتوویانن وبێ چارەسەر ماونەتەوە .
5 کوردانی تاوانی کیمیاباران (ئەم جۆرەکەسانە زیاتر مەبەست لەکیمیابارانی بالیسان وشێخ وەسانە کە ساڵی ١٩٨٧ دوای بریندار بوونیان بێسەروشوێنکراون . هەروەها ئەوانەی ساڵی ١٩٨٨ لەکیمیابارانی هەڵەبجەدا ون بوون . هاوشێوەی زمناکۆعەلی .
6 بێسەروشوێکراوانی ئەنفال ئەم گروپە زۆرترین ڕێژە پێک دەهێنن و لە ناویاندا ژن ومنداڵیکی زۆرهەن .
7 ڕوداوەکانی ساڵی ١٩٩١ ڕاپەڕین و ئاوارەبوونی ملیونی خەڵکی کوردستان .
8 بێسەروشوێنکراوانی شەری ناوخۆ .
9 کوردانی بێسەروشوین لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ .
10 بێسەروشوێنبوانی دەستی دەوڵەتی تیرۆرستی داعش .
11 هی دیکە ( فراندن و بێسەروشوێنکردن )

### بێسەروشوێنانی عەرەب :

1. بێسەروشوێنکراوانی عەرەبی شیعە مەزهەب .
2. ئەوسەربازانەی لە جەنگی ئێران و عیراقدا بێسەروشوێن بوون
3. ئەوسەربازانەی لە جەنگی کەنداو بێسەروشوێن بوون .

4. ئەوسەربازانەی لە راپەرینی شعبانیەی خواروی عێراق و راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ بێسەروشوێن بوون، هەروەها ئەو هاولاتیانەی لەهەمان روداودا ون بوون .
5. بێسەروشوێن بوونی عەرەبی هەردوو گروپی شیعە مەزهەب وسوننە مەزهەب . بەتایبەتی لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ .
6. بیسەروشوێن بووانی دەستی تیرۆر بەتایبەتی ئەوانەی کەوتوونەتە دەستی چەکدرانی داعش .

**ئەوانی دی :**

1. مەسیحیەکان لە پەلاماری قۆناغی هەشتەمی ئەنفالدا ولەکاتی گەرانەوەیاندا لە لێبوردنی گشتی لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ ١٩٨٨ . هەروەها لەدوای روخانی رژێمی بەعسیش دەستدرێژیان دەکرایە سەروتیرۆردەکران وشوێن بزردەکران .
2. ئەو بیانیانەی لە عیراق گیراون و فرێندراون وهەتا ئێستا چارەنوسیان نادیارە .

## دۆسێی بێسەروشوێنکراوان وگرنگی مافەکانی مرۆڤ

### جەنگ وویرانکاری

ئەڵبەتە جەنگ هەمیشە ویرانکاری بەدوای خۆیدا دێنێ و بەهۆیەوە خەڵک دەکوژرێ و بێماف وبێسەروشوێن دەبن، ئاین ونەتەوەو نیشتمان هەرچەندە پیرۆزیش بن جەنگەکان پیرۆزنین، کە لە ئەنجامی پەلامارو هێزی چەکداریدا پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ هەلدەکشێن.

بێگومان جەنگ هەزاران ئاسەواری خراپ ومەترسیداری لێدەکەوێتەوەو هەمووشیان پێشلکاری زەقی مافی مرۆڤن، بۆیە باشترین وکورتترین ریگە بۆ کۆتایی هێنان بەجەنگ هەر فراوانبوونەوەی پانتاییەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هەڵکشانی تێگەیشتنی هوشیاری کۆمەڵگەو تاکەکانی مرۆڤە لەبەرانبەر مافی خۆی ومافی ئەوانی دی .

مرۆڤایەتی دەتوانێ بەبێ جەنگ باشترو جوانتر بژی و پێشبکەوێ بەڵام هەرگیز بەبێ هوشیاری دیموکراسی و مافی مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری جەنگ و چەک بێت . ڕەنگە ئەمە لە ئیستادا تەنها خەونێکی جوان بێت و دەشێت مرۆڤ هەوڵی هێنانەدی بدات چونکە حاڵی حازر ئێمە لێرەدا بۆ پیشگرتن بە جەنگ کۆ نەبوینەتەوە بەڵکو قسە لە دۆزینەوەی ریگا چارەی یەکێک لە مەترسیدارترین و ئاڵۆزترین کاریگەریەکانی جەنگ دەکەین ئامانج دۆزینەوەی چارەنوسی ونبوان و بێسەروشینەکانی جەنگن بێئەوەی لەناسنامەی نەتەوەیی و ئاینیان بپرسین، کە گریمانەی ئەوە لە ئارادایە زۆربەیان لەژیاندا نەمابن .

چۆن مامەڵە لەتەک ئەوانەدا بکەین کە لە ژیاندا نەماون ؟ مافی خۆیان و کەسوکاریان و هاونیشتیمانیەکانیان چیە ؟ ئەو کەسانەی جاربەجار دەدۆزرێنەوە دیسانەوە مافیان چیە ؟ ئەرکی کۆمەڵگاو حکومەت و دامەزراوە سیاسی و مەدەنیەکان چیە ؟

## بنیاتنانەوەی وڵات لەسەر تاوانەکانی جەنگ وجینۆساید

- **داوای لێبوردن و قەرەبووکردنەوە.**
- **تێرامان و بەخۆداچونەوەودادپەروەری.**
- **رابوردو ئێستا و داهاتوو.**
- **بەهای یادەوەری .**
- **پاراستنی مافی مرۆڤ وپێکەوە ژیانی ئاشتیانە. یاخود جیابوونەوە لە پێناوی ئاشتیدا بۆ ئەوەی چیتر عیراقیەکان لەژێر هیچ پاساوێکدا یەکتری نەکوژن و سەلامەتیان دابین بکرێت .**

جەختکردنەوەو پیداگریی لەسەر هەموارکردنەوەی دەستور لەسەربنەمای مافی مرۆڤ، سەرەری یاساو سەربەخۆیی دادگا کە لەتوانایدا هەبێت شکۆ بۆ ئەو کەسانە بگێڕێتەوە کە بەهۆی جەنگ و ستەمکارییەوە شکۆیان شکاوەو لە کۆمەڵگادا پەراوێزخراون و سەرکوێر کراون، هەنگاونان بەرەو گەڕاندنەوەیان بۆ ناو ژیان و بنیاتنانی ئاشتەوایی و لێبوردەیی بەو ئومێدەی ئەوەی لەجەنگدا دۆڕاوە لە ئاشتیدا بەدەست بهێنرێتەوە، ئەوەی لەدڵرەقیدا لە دەستماندا وە لە لیبوردەیدا وەری بگرینەوە، ئەفسوس ئەم تیگەیشتنە هێشتا لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا نەخەملیوە، هێشتا لایەنە سیاسیەکان و بەشەڕهاتووەکان توانای لێبوردەییان نیە یاخود لاوازە، بەلام هێشتا دەرفەتی لێکتێگەیشتن ماوەو دەشێت ئەگەر کەمیش بێت بیقۆزینەوە . ئەم رێگایە ئەزمونکراوەو تارادەیەکیش سەرکەوتنی بەدەست هێناوە .

## رایەڵەکانی میهرەبانی و لێبوردەیی .

بەریزان من لێرەدا بەپیویستی دەزانم کە چەند چیرۆکێکی گرنگتان بخەمە بەرچاو مەبەستیشم تەنها بنیاتنانی ئاشتی ولێبوردەییە کە ئەمرۆهەم عێراقیەکان وهەم کوردیش زۆر پێویستیانە،





لە چیرۆکی خـانەوادەی ڕەحمـان محەمەدی گونـدی نارنجەڵەو هاوکاری کردنی ســـەربازێکی عیراقییەوە دەست پێدەکەم کە لە جەنگی عێراق ئێراندا سەربازێک بەنـاوی ( خـالد عبدولکەریم) بەهۆی شـــکســـتی ســـوپاکەیانەوە دابراوەو بەناچاری هانای بۆ ماڵێک بردووە: گەورەو ســـەرۆکی ئەو خـانەوادەیە نـاوی (ڕەحمن محەمەد)ە

ڕەحمن لە بنەرەتەوە خەلکی گونـدی نـارنجەڵەی ناوچەی هەورامانە ســاڵی ١٩٧٦ ڕایانگواســتوون بۆ نـاحێـی ســـیـراوان، لە ڕۆژی ٣/١٦ ڕەحـمـن و خـانەوادەکەی بەرچەکی کیمیـایی کەوتن و برینـدار بوون لەکـاتێکـدا ســـوپـای عێراق لەبەرەی جەنگی هەڵەبجە شکستی خوارد ( خالد عبدولکەریم عەلوان ) وەک لێقەوماوێک خۆی هاویشـــتە ماڵی ڕەحمن و داوای هاوکاری لێکرد، ئەوان ســـەرباری ئەو تاوانە گەورەیەش کە ســوپا لێی کردبوون و بەگازی کیمیایی لێیدابوون، هەندێکیان بینایی چاویان لەدەســـتدابوو لەنێوان تۆڵەو لێبوردەیی ڕەحمان دووهەمیانی هەڵبژارد. بێگومان ئەگەر ئەمە وەک هەڵوێســـتی تـاکە کەس لێکبـدرێتەوە بەهەڵەدا دەچین کۆتـایی چیرۆکەکە یەکلایی کەرەوەیە



یارمەتیدەرێکی باشـــە بۆئەم تێگەیشـــتنەو هەوێنی لێبوردنێکی کۆمەڵایەتی . بەهۆی هـاوکـاری مـاڵی ڕەحمانەوە خالید گەیەندرایە کەمپی ئاوارەکان لەئێران ومـاوەیەک لە خـانەوادەکەی ون بـوو بەڵام ئەو بەســـەلامەتی گەیشـــتەوە ناوخانەوادەکەی و پێی شـــادبوونەوەو دواتر لەگەڵ یەکتر بوونە ئاشـــناو دۆســـتی یەکتری ، بەداخەوە کورەگەورەکەی ڕەحمن بەناوی فەیسەڵ گیراو هەتا ئێستا بێسەروشوێنە !

وەک هاوڕێیانم لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆیان گێراومەتەوە لە کۆســـۆڤۆ ئەندامانی خێزانەکان لەنێوان جەلادو قوربـانیـدا نـاکۆکییەکی ئەوتۆ لە نێوانیـانـدا نیە، بەپێچەوانەوە لەڕۆژانی یـادەوەریدا پێکەوە نـان دەخۆن و دیـاریش پێشـــکەش بەیەکتری دەکەن . ئەوان لەو بڕوایەدان کە دۆزینەوە و دەســـتنیشـــان کردنی ڕوفاتی بێ ســـەر و شـــوێنبووان بەشـــدارییەکی گرنگی دەبێت لە ئـاشـــتبوونەوەو لێبوردەیی. هەڵبەت ئەمە بۆ

عێراقیەکانیش هەروایە بەهەموو نەتەوەو ئاینە جیاوازەکانەوە ئەگەرچی ئێســـتا عێراق لە دۆخی نالەبارو ئالۆزدایە، تیرۆرستانی داعش لەلایەک و توندرەوی دەسەڵاتدارنی شیعەش لەلایەکی تر، کۆسپن لەبەردەم وەها خەونێکی مرۆڤانەدا.

نموونەیەکی تر، لە بۆسنیا و هێرزەگۆڤین، زیاتر لە 80%ی دانیشتووانی گشتی بڕوایان وایە کە چارەسەرکردنی زۆرینەی پرسەکانی کەسانی بێ سەروشوێنی جەنگەکان لە ساڵانی 1990 لەتوانیدا هەیە بەشداری لە پرۆسەی ئاشتبوونەوەدا بکات. زیاتر لە 70% بڕوایان وایە کە گەڕان بەدوای کەسانی بێ سەروشوێندا، بەشداری دەکات لە ئایندەیەکی باشتربۆ تەواوی کۆمەڵ [1].

## چەند نمونەیەکی یارمەتیدەر بۆ تیگەیشتنێکی گشتی :

### یەکەم : گازبارانی شێخ وەسان و هەلوێستی نەجیبە فقێ خدر

نەجیبە فەقی خدر سۆفی ئەحمەد، لەدایکبووی ساڵی 1961ی گوندی شێخ وەسانانە، لە دۆڵی بالیسان، ئەگەرچی خوێندەواری نیە، بەڵام ژنێکی هەڵکەوتووەو بۆ قسە دانامێنێ، یەکێکیشە لە بریندارانی چەکی کیمیاوی کە لە ئێوارەی 1987/4/16 لەگوندی شێخ وەسانان، ئەو بێجگە لەوەی خۆی بریندارى چەکی کیمیاویەو چاوەکانی ئاڵودە بوون و هەتا ئێستا چاویلکەی لە چاودایە، کوڕێکیشی بەناوی ئارام لەو بۆمبارانەدا لە دەستداوەو بووەتە یەکێك لەو منداڵە بێسەروشوێنانەی کیمیابارانی ئەودووگوندە، بەڵام نەجیبە ئێستا حەوت منداڵی (سێ کچو چوار کوڕ)ی تری هەیەو ئارام یەکێکە لەو کوڕانەی بەناوی ئارامی بێسەروشوێنەوە ناونراوەتەوە .

لە ڕۆژێکی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨ چومەماڵیان ئەوبێجگە لەوەی ئێوارەی کیمیابارانکردنەکە لەگوندبووەو هاوارونالەی گوندنشینەکانی بەچاوو گوێی خۆی بیستووەو بینیوە، خۆشی بریندارێکی چەکی کیمیاویەو سنگو چاویشی کاریگەریی ئەوچەکەیان پێوە دیارە، نەجیبە دەیگێرێتەوە لەکاتی کیمیابارانەکەدا، لەماڵ بووە (ئەوکاتەی فرۆکەکان گەیشتنە ئاسمانی ناوچەکە بەگرەگری تەیارەکان سەرسام بووە، لەبەرئەوەی وەختی هاتنی فرۆکە نەمابوو، ووتی: ئێمە بەڕۆژ دەچووینە چیاوخۆمان لە فرۆکەو بۆمباران دەشاردەوەو لە چیاش لەناو ئەشکەوت و کونە تەیارەکان خۆمان دەپاراست.

**لە هەولێر ئارامیان بردو نەمزانی چیان لێکرد:**

ئەو کوڕەی لە باوەشیدایە ئیستا بێسەروشوێنە نەجیبە بە هەناسەیەکی ساردەوە درێژەی بەقسەکانی داوگوتی: کورەکەم ناوی (ئارام) بوو ئەوەی ئیستا لەباوشمدایە بەناوی ئەو ئارامەوە ناونراوەتەوە . لە هەولێرێ بردیان و نەمزانی زیندوو بووە یان مرد، من چاوم باش نەدەبینا ئەوەندەم دەزانی منداڵەکانم لەتەنیشتمن دەمزانی ئەوەیان (ئارەزووە و ئەوەشیان ئارام)ە یەك لە ملای یەك لەولای راکشابوون، هەردووکیانم لەگەڵ بوون، چووم چاووم بشۆم هەر ئەوەندە بەجێم هێشت کە هاتمەوە، دەستم کوتاو بانگم کرد: یەکێك هات نەمناسی کێ بوو بردی و ئیدی نەمبینیەوەو نەمزانی چیان لێکرد، ئێستاش نازانم لەکوێ نێژراوە، ئەوەندەی نەبرد

---

[1] هەردوو نمونەکە هاوڕێیانم شۆرش محەمەد لە ڕێکخراوی ( ) و خاتوو عەدالەت عومەر بۆیان باسکردبووم

دوایی ئەمن هاتن پیاو ژنیان هێنایە دەرێ، وەخت کاتژمێر( ١٢) ی نیوەرۆیە بوو، ئەمنەکان پیاوو ژنیان لێك جودا کردەوەو پیاوەکانیان برد بەچاوی خۆم دیتمن (بەمەنشەئە)[1]یەك بردیانن، هەر ئەو بردنە بوو، ئیدی پیاوەکان نەهاتنەوە، کەمەنشەئەکە رۆیی ئێمەشیان لە زیلی هاویشتو پاش نیوەرۆیە بردیانین بۆخەلیفانێو لەوێ فرێیاندایناو گوتیان: دەبرۆن نانی بۆ پێشمەرگان بکەن، ئێوە بەکرێگیراوی ئێرانن.

**نەجیبە گەیشتە بەغداو سەدامی لەقەفەزدا بینی .**

ئەوەی بەلای نەجیبەوە زۆر گرنگو چاوەروان نەکراوبووە روخانی رژێمی بەعسو دادگایی کردنی سەرانی بووە، بەتایبەتیش کەخۆی وەکو شایەتحالێك بەرانبەر تاوانبارانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسانو خۆشناوەتیو ئەنفالکردنی کوردستان بووەستێتەوە، نەجیبە ئەو دادگایی کردنەو شایەتی دانەکەی خۆی لە دژی تاوانبارانی بەعس وەك شانازی کردنێك دەگێرێتەوە، لەهەمان کاتدا قەرەبوویەکی سایکۆلۆژیش بوو، کاتێك بەسەرهاتی ئێوارەی 1987/4/16ی بۆ دەگێرامەوە ڕەنگو دەنگی زۆر جیاوازتر بوو لەوکاتەی کە جوینە ناو باسی دادگایی کردنەکەو چیرۆکی شایتی دانەکەی بە ئەداو نەغمەیەکی تر دەگێرایەوە، بێئەوەی هیچی لێبپرسم خۆی گووتی من چوومە بەغدایە بەرانبەر صدامی قسەم کردوو شایەتیمدا.

**کفتەکەی نەجیبەو ئافەرینەکەی سەدام .**

ئەوەی مایەی ســەرنجو لەهەمان کاتیشــدا جێگەی ڕێزلێنانە ئەومامەڵە ئینســانیەی نەجیبە بووە لە ســاڵی 1991 وەك بۆخۆی دەڵیو لە دادگاش ئەم چیرۆکەی گێراوەتەوەو بە صـــدام حســـینی گووتووە : ئەو ڕۆژەی جەیشــەکەی صدام شکاو لێی قەوما وەکو ئەمرۆ (مەبەســت ڕۆژی دیدارەکەیە) کفتەمان هەبوو، کەچی کفتەکانی نەداوەتە منداڵەکانی، بەڵکو بەســـەر ئەو ســـەربازانەدا دابەشـــی کردبوو، کە چەك وجلکرابوون و بەزەلیلی دەســـورانەوەو لەبن دیواری مزگەوت ومەکتەبەکان پاڵیان لێدابووەوە. نەجیبە دەڵی: ئەو کاتە گەلێك بەزەیم پێیانداهاتەوە.. لەدادگاش بەرەو روو ئەوەم بەصـــدام حســـینی گوت: گوتم ( صـدام حوسـین گوێ بدەیە هەرچەندە تۆ کیمیابارانی ئێمەت کرد، بەڵام ئەو ڕۆژەی جەیشـەکەت شکا، من کفتەم کردبوو، بەلام لەدەمی منداڵی خۆم بریو دامە ئەســـکەرە زەلیلەکانی تۆ.. دەزانی بۆ؟ بۆئەوەی بۆ هەموو عالەمی ئیســپات بکەم کورد میللەتێکی خەراپ نییە.. کەچی صـــدام لەبری ئەوەی ســـەری خۆی نەویکا، بە ئیســـتفزازەوە پێی گووتووە (عفیە علیك) ئافەرین بۆتۆ . **بۆ وردەکارییەکانی چیرۆکی نەجیبە بروانە** (http://www.anfalistan.com/?p=839)

## دووهەم : هاوکاری کردنی خانەوادە عەرەبەکان بۆ دەربازبوانی ئەنفال

ئال ئعێشم : **لەیەکێک لەژمارەکانی رۆژنامەی هاوڵاتیدا دەربارەی جوامێری بنەماڵەی ( ئال ئعێشم ) ی پارێزگای ســەماوەم نوســیبوو کە دوای دەربازبوونی لە گۆرێکی بەکۆمەڵی بیاباندا ( تەیمور**




عەبدواللە) یان پەنادابوو، هەرچەندە رەنگە ئەم بەسەرهاتە ئێستا دڵی خانەوادەیەک بشکێنێت، بەهۆی ئەوەی کە تەیمور تۆمەتبارە بە کوشتنی کوڕەکەیان بەڵام لێرە قسە لەسەر ئامادەیی ئازایەتییە بۆ ئاشتەوایی نەک بۆ رقلێبونەوە. بۆیە داوای بوردن دەکەم لەوەها حاڵێکدا هەر وەکو لە رۆژی2008/1/27 کە بەیاوەری هەمان ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە لە ئەنجومەنی وەزیران بە شەفەیی پێشنیاری ئەوەم بۆ جیگری سەرۆکی ئەوسای حکومەنی هەریم کردو ئەویش پێی پەسەند بوو، کەوا وەکو دەستو دیاریەکی کورد، خەسەتەخانەیەک و خوێندنگایەک لەناو باخچەیەکدا لەو شوێنەی تەیموری لێ داڵدەدرا دروستبکرێت، تا ببێتە دەستو دیاری گەلی کورد، بۆ ئەو بنەماڵە بەرێزە و هەردوو پرۆژەکەناو بنرێت تەیمور.

دوای بڵاوبوونەوەی نوسینەکەم زۆر کەس دەستخۆشیان لێکردم، بەڵام ئەفسوس..لە کۆی هەموو دەستخۆشیەکان و قسەکردن لە بارەیەوە تێگەیشتم، کە مەبەستم نەپێکاوەو ڕونکردنەوەی زیاتری گەرەک.



ئەوەی مەبەستمە لەودەستودیاریە تەنها پاداشت دانەوەیەک نیە بەو بنەماڵەیە، بەڵکو مەبەستم بوو بلێم: ئێمە بەدروستکردنی باخچەیەک واتای ئاشتیو بەردەوامی ژیان ببەخشینو بەکردنەوەی قوتابخانەیەکیش، واتای زانستو زانیاریو نەخۆشخانەکەش بەهیوای ساخلەمی بۆیان.

چ گەورەییەکە بۆ کورد کاتێک لەبیابانەوە، ئێسکو پەنجەو نیۆکی هەڵەوەریوی ئەنفالکراوەکانمان بۆدێتەوە، لەبەرانبەردا ئێمە زانستیان بۆ بنێرین، تا بەهەموو جیهانو دنیای عەرەب بڵێن: سەرەڕای ئازاری ئەنفالیش بە ڕۆحمانەوە، هیوای ئایندەیەکی ساخەلەمو پێشکەوتن بۆ ئێوە دەخوازین.

پێموایە دروستکردنی ئەو پرۆژەیە دەبێتە هۆیەکی باشیش بۆ ناساندنی جینۆسایدکردنی گەلی کوردو دیاری هاوزمانو هاونیشتمانیانی "تەیمور" وەکو زیندوترین بەڵگەی تاوانی جینۆساید بۆ ئەو بنەماڵە بەڕێزەی کە لەناو هەزاران مرۆڤی بە ناهەق کوژراوی کورد "منداڵێک"ی بریندارمان بۆ تیماردەکەن و پەنای دەدەنو ئەو ئامانەتیە بەنرخە لە هەلومەرجێکی ترسناکو ستەمکاری بەعسدا دەهێننەوە بۆ کوردستانو بەکەسوکاری دەسپێرنەوە.

پرۆژەیەکی وا ئەمەکو وەفادرای ئێمەیە بۆ ئەو بنەماڵەیە، هەقوایە وەکو ڕێزلێنانێک لەژیانی تەیمور خەمساردی، نەکەینو زوو بەو کارە هەستینو بڵێین ئەوە دیاری تەیموری ئەنفالکراوە بۆ ئێوەی عەرەب، لەهەمان کاتدا وەڵامێکیشە بۆ ڕەفتاری ئەو پیاوە کوردە دۆڕاوانەی لە کاتی ئەنفالدا بە کۆمەڵ سەدان منداڵی تەیمور ئاسایان تەسلیم بە بەعس دەکردو بەگەروی ئاشی ئەنفالیاندادەکردنو خۆشیان لەبەرامبەردا مەدالیای ئازایەتیان وەردەگرت. ئەگەر هەتا ئەمرۆش لە واتای شەرمەزاری تاوانی ئەنفال تێنەگەیشتوون ئیتر تێبگەن، ئەگەر لە گەڕانەوەی تەیمورو فەرەج و عوزیرو ئەوانی تردا شەرمیان نەکردبێ، ئەوا بەدروستکردنی ئەوپرۆژەیەو دەستودیاری تەیمور شەرم دایانبگرێتو ببێتە پەندێکی گەورە بۆ خیانەتو خراپەکاری. لەلایەکی تریشەوە ئەوانەی دەمارگیری نەتەوەییان هەیە بەراوردێک لە نێوان ئەم کوردە خۆفرۆشانەو ئەو بنەماڵە عەرەبە بەرێزەدا بکەنو خۆیان ببنە دادوەری بەردەم ویژدانی خۆیان.



عبد ال اعیشم السفاح

بێگومان لەسەرخستنی ئەو پرۆژەیەدا هەر تەیمور ئاسودە نابێت، بەڵکو عوزێرو فەرەجو واحیدو رەمەزان لە گەرمیانو ئەبابەکرو عبدالقهارو عەبدالکریم) لە هەولێر و بادینان) هەست بەبونی خۆیان دەکەنو دەزانن میللەتەکەیان ڕێز لەگەڕانەوەیان دەگرێت.

زۆر بەلامەوە گرنگە ئەوەش بزانین بەم کارە ئەرکێکی ئەخلاقی خۆمان بەجێدەهێنین، بەتایبەتی ئەو کاتەی هەموو تاکێکی کورد بەپێی توانای دارایی خۆی جا زۆر یان کەم " ئەنفالچیو تاوانبارانی بەعسی لێبەدەر" بەبرێک پارەی ڕەمزی بەشداری لەو پرۆژەیەدا بکات، بەمەبەستی ئەوەی پرۆژەکە ببێتە دیاری هەموو خەڵکی کوردستان.

من گومانم نیە بنیاتنانی پرۆژەکە لەو شوێنەی تەیموری لێ دالّدەدراوە، واتاو دەلالاتێکی گەورەی دەبێت بۆ دروستکردنی گیانی لێبوردەیی‌و دۆستایەتی نێوان کوردو عەرەب، لەلایەکی تریشەوە هەوڵێکی پراکتیکیانەیە بۆ ناساندنی جینۆسایدی کورد. ئەوسا ئەگەر بە رۆژ قوتابخانەکەو مەلبەندە تەندروستیەکە ببنە شوێنی زانست‌و زامنی تەندروستی هاوڵاتیانی سەماوەو دوعای خێر بۆ بنەمالەی ال ئعیشم بنێرن، بەشەویش هەزاران هەزار مشتە چاوی هەڵڕژاوی کورد لەبیاباندا بە دەوری رۆحیانەتی قوربانیەکان‌و یادەوریەکانی منداڵی‌و نامۆیی تەیموردا لەبیابان دەخولێنەوەو دەدرەوشێنەوە، هەزاران چاوی ئەنفالکراو دەدرەوشێنەوە، وەکو گوڵەئەستێرە لەو بیابانە تاریکەدا ڕوەو ئاسمان دادەگیرسێن‌و دڕ بەتاریکی دەدەن، بەکەشتی‌و مانگە دەستکردەکانی ئاسمان دەڵێن: ئێمە چاوی هەزاران هەزار مرۆڤی بەناهەق کوژراوین، رۆحی نەتەوەیەکی جینۆساید کراوین، ببورن کە بلێین: ئاستی پێشکەوتنتان هەرچەند بەرزبێت، بێدەنگیتان لەتاوانی ئەنفال ناسنامەی دڵرەقیتان پێدەبەخشێ، تکایە ئەگەر گەڕانەوە بۆ سەرزەوی پەیامی ئێمە بۆ نوێنەری وڵاتەپێشکەوتووەکانتان بەرن‌و لێیانبپرسن: ئەری کوردەکان لە زومرەی مرۆڤایەتیدا نەبوون ؟! مەگەر نازانن بێدەنگی لەوتاوانە بەهەزاران فرسەخ لە مرۆڤ بوونی خۆتان دورتاندەخاتەوە؟!!

**چیرۆکێکی بێسەروشوێنکراوان وکەسوکاریان.**

## تەمەنێک لە چاوەڕونی





**سەبریە ئەحمەد – هەڵەبجەی شەهیدان**

ساڵی 1940 لە دایکبووە.

ئەم خانەوادەیە لەبنەرەتەوە خەڵکی هەورامانن .

١٩٦٥ لەگەڵ حسێن شا هاوسەر گیری کردووە .

سەبریەو مێردەکەی بەدڵنیاییەکی تەواوەوە باس لەوە دەکەن (منداڵەکانیان) کوروکچەکانیان ماون وهەتا ئێستا لە وڵاتی سعودییەن . هەموو دڵنیاییەکەشیان ئەوەیە کە هەندێک لەخزم وکەسانیان گوێیان لێ بووە لە رادیوییەکی وڵاتی سعودیەوە قسەیان کردووەو چیرۆکی خۆیان گێراوەتەوە . ئەم ژنە ٢٧ ساڵی تەواوە هەتا ئێستا بەردەوام لە گەراندایە وهێشتا سەرەداوێکی قایلکەری دەست نەکەوتووە

**کورِوکچە ونبووەکانی ئەم خانەوادەیە بریتین لە :**

١- ئاوات حسێن  خوێندکاری زانکۆ بووە .

٢- بەناز حسێن خوێندکاری زانکۆ بووە لە یاسا.

٣- بەهار حسێن خوێندکاری چوارەمی ئامادەیی بووە

چیرۆکی ئەم خانەوادەیە زۆر درێژو تراژیدیە تکایە بۆ زانیاری زیاترو وردەکاری تەواو دەربارەی سەبری ئەحمەدو هاوسەرەکەی و چارەنوسی کوروکچەکانی بروانە ماڵپەڕی ئەنفالستان (www.Anfalistan.com )

**هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ و هەستیاری بەڵگە یاساییەکان :**

هەڵدانەوەی گۆری بەکۆمەڵ هەستیارترین کاری گەڕانە بەدوای بێسەروشوێنەکاند، هەر هەڵەیەک رەنگە مافی زیاد لەکەسێک پێشێل بکات وگەران بەدوای کەسەونبووەکاندا قورستر دەکات و لەیەکەم هەنگاودا متمانە دەکوژێت و دەبێتە کۆسپ لەبەردەم دادوەری وئاشتی کۆمەڵایەتی .

<u>**نمونەیەکی هەستیار ( شۆکی پالاس)**</u>

ئایشێ رەسوڵ – گوندی سێدەر- ناحێی بنگرد- قەزای دوکان

لە دایکبووی ساڵی 1973 .

ایشێ لە دایکبووی ساڵی 1973ی گوندی سێدەرە لە ناحێی بنگرد .

یەکەمین قۆناغی پەلاماری ئەنفالدا هێرشکرایە سەر ناوچەی دۆڵی جافایەتی. ئەو پەلامارە سەرکردایەتی و هێزی جەنگاوەری یەکێتی شکاندو خەڵکی ناوچەکەی لە زێدی خۆیان هەڵکەندو ئەوانەی رزگاریان بوو بە دۆڵی بەفرگرتووی شامحەمەدا ڕۆیشتن و ئەوانەی رزگاریان نەبوو یان کەوتنە دەستهێزە پەلاماردەرەکەی ئەنفال یان لە بەفردا رەقبوونەوە و یان لە ئاوارەییدا بەنەخۆشی مردن، نزیکەی (70) کەسیش ئاوی چەمەکان بردنی و هەندێکیان تەرمەکانیشیان نەدۆزرانەوە .

دانیشـــتوانی گوندی ســێدەر زۆر خراپ لێیان قەوما، پاشــئەوەی رزگاریان بوو جارێکی تر بەپێی خۆیان هاتنەوە بن دەســتی ســوپاو گیران، چارەنوســی ئەوانیش وەک هەموو ئەو خەڵکە بوو کە کەوتنە بەر دەســـتی تیمەکانی گولەبارانکردن و بەهەموویان (٧٦) کەســـیان لە قەراخ چاڵێکی هەڵکەندراو گولەبارانکران، هەرچۆنێک بووە چوار کەس لە خانەوادەیەکی ئەو گوندە خۆیان پەناداو نەکەوتنە بەردەستی سوپا و رزگاریان بوو، کە بریتی بوون لە (عائیشەو سێوەو تەیفورو غەفور)، بەلام دایکیان ( فاتمە رەســـوڵ محمود بابکر)و خوشـــکەکانیان (هەوارو کەوســـەر) دابڕانو لەسەرجادە کەوتنە دەست هێزێکی سوپا، پاشئەوەی گیران بە قۆناغ رەوانەی سەربازگەی تۆپزاوا کران لە پێشــەوە بۆ فیرقەی 24ی سوپا کە بارەگاکەی لە شارۆچکەی چوار قورنە بوو، دواتر بۆ بەرێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێرو لەوێشـــەوە بۆ بنکەی ســـەرەکی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوان لە تۆپزاوای سەربە پارێزگای کەرکوک ئیتر لەوێ پۆلێنکرانو جارێکی تر بەزیندوویی نەبینرانەوە.

دوای روخانی رژێمی بەعس، هێزێکی ســـوپای هێزە هاوپەیمانەکان لە دەشـــتاییەکانی ناوچەی حەزەری پارێزگای موصـــڵ، بەگومانی بوونی عەمبارێکی چەکی کۆکوژ کەوتنە هەڵکۆڵینی زەوی هەڵبەتە بێئەوەی بزانن گۆرێکی بەکۆمەڵیان هەڵدایەوە، بەڵام هەرزو دایان پۆشـــییەوە، لەوەدا کارێکی باشـــیان کردبوو کە دادگای باڵای تاوانەکانیان لێ ئاگادار کردبووەوەو دادگاکەش تیمێکی پزیشــکی دادوەریو گۆرهەڵدانەوەیان راســپارد بۆ ئەوەی بەســتانداردی نێودەوڵەتی ئەو گۆڕە و یەکێکی تر لە دەشـــتاییەکانی ناوچەی حەزەرو دوانی تر لە بیابانەکانی پارێزگای ســـەماوە هەڵبدەنەوە، هەتا وەک بەڵگەیەکی یاســـایی لە دژی ســـەرانی رژێمی بەعس بەکاری بهێنن . کە لە (یاداشـــتی دادگادا ئەو چوار گۆرە بە حەزەر (1) وحەزر(2) ســـەماوە (1) و ســـەماوە (2) ناو دەبرێنو دەناسرینەوە .

## بەڵگە یاساییەکان

دۆزینەوەی هەندێک بەڵگەی یاســـایی پێناســـەی قوربانیەکان لە گۆرە بەکۆمەڵەکەی حەزەری ناوچەی موصـل دۆزرانەوە لەوانە پێناســی باری کەســێتی (تەســکەرە)ی هەندێک کەســی گوندی ســێدەر لە حەزەرو هەندێکی گوندی حەیدەرەســوری ناوچەی داودەی گەرمیان لە ســەماوە بون. تیمێکی دادگای باڵای تاوانەکان بۆسـۆراخی ئەو بەڵگانەو ئەوکەسـانەی پێناسـەکانیان لە گۆرەکاندا دۆزرابوونەوە چووبوون بۆ ناحیێ بنگرد. پاشئەوەی لە فەرمانگەی باری کسێتی ( دائیرەالنفوس)، ناوەکانیان بۆ پشـتراسـتکردبوونەوە، زانیاری ئەوەشـیان پێدابوون کەوا کەسـوکاری ئەم پێناسـانە ئێستا لەپیرەمەگروون دادەنیشن .

## شۆکی پالاس چی بوو ؟



دوای ئەوەی تیمەکە زانیاریەکانیان وەرگرت ودایانەوە بە دادگای باڵای تاوانەکان- تیمێکی تر ڕەوانەی شاری سلێمانی کران بۆئەوەی کەسوکارەکانیان ببینن و راستی نەمانی کەسوکاریان پێرابگەیەنن و پرسەیان بۆدابنێن، بەوشێوەیە کەسوکاریان بانگ کردبوون بۆ سلیمانی پالاس لەسەنتەری شاری سلێمانی، تیمەکە بەشێوەیەکی شایستە راستیە تاڵەکەیان درکاندو سەرەخۆشییان لێکردن .

هەڵبەتە تیمەکە ئامانجێکی تریشیان هەبوو، ئامانج ئەوە بوو کە ئەوان وەک شایەتحاڵێکی گرنگ ئامادەیان بکەن بۆ دادگای باڵای تاوانەکان هەتا وەک نمونەیەک لەکوشتنی خەڵکی مەدەنی کۆمەڵکوژییەکە بخەنە رو ئەوانیش شایەتی لەسەر تۆمەتبارانی ئەنفال بدەن .

(3) سێ کەس لەو خانەوادەیە کە پێناسەکانیان لە گۆرەکەی حەزردابوون لەو کۆبوونەوەیەدا بە زیندوویی ئامادەبوون، یەکێک لەوانە ( ئایشێ) بوو! ئایشێ کاتێک وەک شەهیدێکی ناو ئەو گۆرەبەکۆمەڵە ناوی خوێندرایەوە لە سلێمانی پالاس لە هۆش خۆی چوو.

راستی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کەوا پێناسی ( تەیفوروسێوەو ئایشێ) لەگیرفانی دایکیان بووە.. فاتمە رەسوڵ یەکێک بوو لەوکەسانەی لە ئەنفالدا بێسەروشوێنکرابوو لە گۆڕە بەکۆمەڵەکەی حەزەر (1) تەرمەکەی دۆزرایەوەو پێناسەی منداڵەکانی لە گیرفانیدا بوو، چیرۆکی ئەو پێناسانە لە دادگاش بووە بەڵگەیەکی گرنگو سەر سورهێنەر .تیمەکە بۆ سەلماندنی راستییەکان پشتیان بەو پێناسانە بەستبوو کە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی حەزەر (1) و حەزر (2) دەریانهێنابوون، هەر ئەوکاتەش پێناسەکانیان پێ بوو. کاتێک پێناسەی شەهیدەکانیان دەرهێنابوو وەک شەهید ناوەکانیان خوێندبوونەوە کە لە گۆرێکی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە .. بەڵام تیمەکە روبەرووی حاڵەتێک بوونەوە بەجۆرێک توشی شۆک بوو خەریکبوو لەهۆش خۆیان بچن ..!

بەڵام تاوانەکە بەوەندە ناوەستێ چونکە هێشتا خاڵێک ماوە قسەی لەسەربکەین .. خودی ئایشێو سێوەو وێنەکانیان مایەی لەسەر وەستانن .! وێنەکان پێمان دەڵێن ئەنفال هەرکۆمەڵکوژی نەخستەوە بەڵکو کاریگەریەکانی دوای ئەنفالیش هێشتا لەئارادان.

## لە گۆڕینی وێنەوە بۆ گۆڕینی  شوناس





ئایشە بەرلە ئەنفال کچێکی گوندنشینە و لە ناوباخێکی گوندەکەیان لە بناری چیایەکی سەرکەش بە رویەکی خۆشو گەشەوە دانیشتووەو بەجلی کوردی سپی و سوخمەی رەشەوە لەناو سروشتێکی دڵگیردا بە ئومێدەوە دەروانێتە ژیان،  بەڵام دوای ئەنفال هەموو شتێک دەگۆڕێ ئایشێ چیتر چێژ لە ژیان نابینێ چیتر هەوای گوندە پڕلە رەزوباخەکەی هەڵنامژێ و تەنانەت پابەند نیە بەکلتوری زێدی خۆی، بەڵکو زیاتر بەژنێکی عەرەبی بە دوو دەچێت . کەوایە ئەنفال لە هەزاران رەهەندەوە کاری خۆی کردووەتە سەر تاکو کۆمەڵگای کوردی گە ئایشێ وێنەیەکیانە .

### ئەوخانەوادەیەی گوندی سێدەر بریتی بوون لە:





فاتمە رەسوڵ محمود بابکر، ئایشێ ، غەفور، تەیفور، کەوسەرو

هەوار رەسوڵ  فاتمە رەسوڵ محمود     رەسول

سێوە رەسوڵ     تەیفور رەسوڵ

لە دایکبووی ١٩٨٦     لەدایک بووی ١٩٤٩

کەوسەر رەسوڵ ١٩٧٨ ، غەفور رەسوڵ

بەگشتی ناسنامەی 6 کەسی ئەوخانەوادەیە لە گۆرەبەکۆمەڵەکەی حەزەر دۆزرانەوە بەڵام لە واقیعدا تەنها سێ کەسیان شەهید بوون .

### شیکردنەوەو گریمانەی چیرۆکی ئایشێ

چیرۆکی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکەی حەزەرو پێناسـەکەی ئایشـێ و ئەوانی دی پێمان دەڵێت : هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ زۆر هەسـتیارە بۆیە دەبێت، ئەم کارە هەسـتیارە لە بە دوودیودا گرنگیەکەی لەبەرچاو بگیرێت.

**یەکەم : هەڵدانەوەی یاسایی**

**دووهەم : هەڵدانەوەی ئینسانی.**




من بۆخۆم لایەنگری هەلـدانەوەی گـۆڕی بەکۆمەڵم بە شـێوەی یاسـایی، لە پێناوی ئەوەی هەمـوو لایەنەکـانی مـافی مرۆڤ پـارێزراوبن .. باگریمانەی حاڵەتێک بکەین، کەیوان حەمە ئەمین کەمێکی تر لەخوارەوە باسـی دەکەیـن و وێـنەکەی خۆی و خانەوادەکەی پیشـان دەدەین ئەو منداڵێکی هەڵەبجەییە، رۆژی ١٦ی ئازاری سـالی ١٩٨٨ دایکی کەیوان بەگازی کیمیایی شـەهید بوو، کەیوانیش هەمان رۆژ بەچەکی کیمیایی برینداربوو، ئەفسـوس لەخانەوادەکەی دابڕاوئیترنەیانبینییەوە بەلام کەیوان ماوەو دوای سـالانێکی زۆر لەژێر چاودێری دکتۆرێکدا (پرۆفیسـۆر فرلینکە گێرد هارد) لە نەمسـا دەرکەوتەوە کەهەتا سـالی ٢٠٠٨ هەر سـەرپەرشـتی دەکرد، فرالینکە گێردهارد، هاتە هەلەبجەو بەدوای کەسـوکاریدا دەگەراو من یاوەری بووم . باگریمانەی ئەوە بکەین ئەگەر پێناسـەکەی کەیوان لە گیرفانی دایکیدا بووایە لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا و لەهەلدانەوەدا پێناسـەی کەیوان بدۆزرایەتەوە چۆن بەدوای چارەنوسـیدا دەگەرایت ؟ چۆن بروات دەکرد کەیوان ماوە ؟ کەواتە نابێت بوونی بەڵگەیەک وامان لێبکات کە زوو بروابەوە بکەین کە کەسەکە لەژیاندا نەماوە .

## چیرۆکی کەیوان و دکتۆرە بیانیەکە و چارەنوسی خانەوادەیەکی هەڵەبجە حەمەئەمین هەڵەبجەیی

**بەسەرهاتی کەیوان :**

کەیوان حەمە ئەمین ساڵی 1977 لەهەڵەبجە لە دایک بووە، کوردێکی بریندارى چەکی کیمیاویە ئەوچەکە هەرجەستەی هەلاهەلا نەکردووە، بەلکو لەسەرەتایی ترین ماف بێ بەشی کردووە کە زمانی خۆیەتی "زمانی دایک" ئەو ئێستاش لەوڵاتی نەمسا وەک بریندارێکی چەکی کیمیاوی لە ژێر چاودێری پزیشکی دایە، بەداخەوە کوردی نازانێ ..!

کەیوان تەمەنەنی 11 ساڵان بووە کەلە کیمیابارانەکەی ئێوارەی 3/16 بەسەختی بریندار دەبێ، کەلە هەڵەبجەوە دەرۆن تا شاری کرماشانی ئێران لەگەڵ خێزانەکەیان دەبێ، بەڵام لەوێ لەبەر پەشۆکاویو ئازاری برینەکانیان (کە هەموویان بریندارى چەکی کیمیاوین) لە خێزانەکەی ون دەبێ، ئیتر لەوە بەدواوە لە یەکتر بێئاگادەبن، بێئەوەی خێزانەکەیان بزانن یان ئەوبزانێ خێزانەکەیان ماون یان نا، ئەم لێک دابرانە سیانزە ساڵ دەخایەنێ تا ساڵی 2001 چاویان پێی ناکەوێتەوە، کاتێکیش کەیوان دەگەرێتەوە ئەوکاتە دەزانێ هەموو خێزانەکەیان بریندارى چەکی کیمیاوینو دایکیان سەلتەنە) بەهەمان چەک گیانی لە دەستداوە .

**کەیوان چۆن گەیشتە نەمسا..؟**



(ناصح زەندی) کەپەناهەندەیەکی عێراقیە لە دەرەوەی وڵات، کاتێک هەواڵی کیمیا بارانی شاری هەڵەبجە دەزانێ بەهانای ئاوارەکانی هەڵەبجەوبریندارانی چەکی کیمیاویەوە دەچێتە ئێران لەوێ حاڵی کەیوانی منداڵ لەهەموو بریندارەکان خراپتر دەبینێ، بۆیە بەکامێرای شەخصی خۆی وێنەی دەگرێو هەوڵدەدات بیباتە دەرەوەی وڵات بۆچارەسەر ناچح لەهەوڵەکەی سەرکەوتوو بوو توانێ بیبات بۆ وڵاتی بەریتانیا، دواتر لەگەڵ کۆمەڵێک بریندارى تری کیمیاوی بەرەو وڵاتی نەمسا بەرێدەکرێ، لەوێ دەکەوێتە لای دکتۆرێکی نەمساوی بەناوی " فرالینکە گێرد هارد" ([2])کە پرۆفیسۆرێکی تایبەتمەندە بە بریندارانی گاز کەیوان هەتا ئێستاش وەکو بریندارێکی کیمیاوی لە ژێرچاودێری هەمان دکتۆردایەو لەنەمسا دەژی، ئەوە رۆشن نیە کە چۆن ساڵی 2001 دەرفەتی

---

[2] پرۆفیسۆر فرالینکە گێرد هارد ساڵی 2006 لەگەڵ شاندێکی ناوەندی چاك هاتە كوردستان، بەمەبەستی بەشداری ئیفادە وەرگرتنی لەدادگای باڵای تاوانەكان بۆ دۆسێی هەڵەبجە .. لەمیانەی دورۆژی سەردانەكەیدا سەردانی شاری هەڵەبجەی كردو لەوێش چاوی بەهەندێك لە بریندارەكانی هەڵەبجە كەوت، لەماوەی سەردانەكەیدا كە من وەكو بەرێوەبەری ناوەندی چاك یاوەری بووم بە دورو درێژی باسی كەیوانو چۆنێتی چارەسەركردنەكەی بۆ كردم.

ئەوەی بۆ دەرخەســـێ ســـەردانی هەڵەبجە بکاتەوە..؟! ئەمەش لەبەرئەوەی هیچ زمانی کوردی نازانێ بۆیە لەگەڵ خوشـکو براکانی ناتوانن وەکو پێویسـت حیکایەتی دەردی سـەری خۆیان بۆ یەکتری بگێرنەوە، لەبارەی ســـەردانەکەی کەیوانی برایەوە کاوە دەڵێ: ( من هێشـــتا ئەو برایەی خۆمم نەبینیوە، لەبەر ئەوەی ئەوکاتەی ئەو گەرایەوە بۆ کوردستان من بۆ چارەسـەر چوو بووم بۆ ئێران ).

سـەبارەت بە دۆسـێی کەیوان پرۆفیسـۆر( فرالینکە) لەسـەردانێکیدا بۆ کوردسـتان بۆ ئەندامانی ناوەندی چاک [3] ووتی: باوکی کاوەو کەیوان " حەمەئەمین صـــالح " بریندارێکی ســـەختی چەکە کیمیاویەکانی بەعس بوو تا 2008/6/15 بەئازاری برینداریەکەیەوە دەناڵێنێ و لەو رۆژەدا لە هەڵەبجە گیان لەدەست دەدات .

**بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم خانەوادەیەو چیرۆکی کەیوان بروانە ئەنفالســـتان ژمارە (٧) یان ماڵپەری ئەنفالستان** www.Anfalistan.com

## ( ناسکە ) ( ناوی خوازراوە )

لە دایکبوی ١٧٨ – گوندی گۆپتەپە .

لەپەلامارەکانی ئەنفالی چواردا لەتەمەنی ١٣ سـالیدا گیراوەو ئێسـتا لە قەزایەکی پارێزگای بەسـرە دەژی وهەتا ئەوکاتەی هەواڵی بە زیندوومانەوەی گەیشتەوە کوردستان، بەقسەی کەسوکارەکەی بێت دایکی ٣ منداڵبوو . ئەم دۆسـێیە چەندینجار خراوەتە بەردەسـتی بەرپرسـانی حکومەت و وەزیرانی کـاروبـاری شـــەهیدان وئەنفالکراوان . خـانەوادەکەشـــی هەوڵی زۆریـانـداوە بەڵام بەدەنگەوەهـاتن بۆ دۆزینەوەو گەرانـدنەوەی ئەم کچە لەخـاڵی ســـفردایە، من لەنزیەکەوە خانەوادەکەیان دەناســـم، ئامادەن بەو پەری رێزەوە پێشـــوازی لە خوشـــکەکەیان ومنداڵەکانی و هاوســـەرەکەشـــی بکەن، بەڵام نە رێکخراوەکان ونە بەرپرســـانی حکومەت بەدەنگیانەوە نەچون یەخود چون و بـایەخیـان پێنەداون … ئەگەر رێکخراوی ( ICMP) بخوازێـت هـاوکـاری ئەو خانەوادەیە بکات، ئەوا من ئامادەی هەموو هاوکارییەکیانم لە پیدانی ئەدرەس و یەکتر ناســـینی

[3] ناوەندی هەڵەبجە دژبەئەنفالکردن و جینۆسایدکردنی گەلی کورد –چاک ئەوسا من بەرێوەبەری ئۆفیسی سلێمانی بووم

خانەوادەکەی .. ســـــەیر بوو کە وتارەکەم مشـــــتومڕێکی زۆری خوڵقاند بەڵام نەرێکخراوەکەو نە نوێنەری کاروباری شەهیدانیش قسەیەکیان لەبارەیەوە نەکرد .

**وردەکاری ئەم چیرۆکەو خانەوادەو ناوی سیانی پارێزراوە .**

## مافی ئەوکەسانەی ونکراون و دواتر دۆزراونەتەوە .

بێگومان دۆزینەوەی ونبوویەک زۆرگرنگە بەڵام ئەمە هەموو ئامانجەکە نیە، بەڵکو هەنگاوی دوای دۆزینەوەیان گرنگەو ئەرکی ڕێکخراوەکان ولایەنە پەیوەندیدارەکان، مافەکانی دەســـــتەبەر بکەن و چاودێرییان بکەن، چونکە لەوەها حاڵێکدا رنگە گۆڕانکاری شێوەی ژیانی ژینگەیی وکەلتوری رۆڵی نێگەتیڤ بگێرن وهەڵکردن لەگەڵ ژینگەی نوێدا کۆمەڵێک گرفتی ئەخلاقی چاوەروان نەکراو یان جاوەروانکراو بخوڵقێنن .

بێگومان دابران لە خێزان و کۆمەڵگاو ونبوون دەبێتە هۆی لە دەستدانی مافە هەرە سەرەتاییەکانی وبێبەش بوون لە زۆربەی مافەکان لەوانە (لەدەســـــتدانی خوێندن بە هۆی نەبوونی ناســـــنامەو شـــوناس و گرفتی زمان وپارە. نامۆیی و تێکشـکانی ئیرادەی کەسـایەتی، بەتایبەتی ئەگەر کەســە ونبووەکە زۆر منداڵ نەبوبێت و لەژینگەیەکەوە بچێتە ژینگەیەکی نامۆوە، یاخود بکەوێتە دەســت کەسانی بێویژدان و بۆ مەبەست وبەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت .

بۆنمونە( ڕەنگین نـاوی خوازراوە) پیـاوچـاکێـک وەری گرتووەو هـاوســــەرەکەی نـارازی بووە، هەربەهۆی ئەو ناکۆکییەوە لەتەمەنی سـیانزە سـاڵیدا بەخشـیویانە بە پیاوێکی ئێرانی و دوای ئەوە بووەتە دایکی دوو منداڵ پیاوەکەشی مردووە.

بەدیوە پێچەوانەکەشـی هەر راسـتە زمناکۆ و تەیمور هەردوکیان کەوتوونەتە دەست خەلکی باش و میهرەبان بەڵام گرفتی (زمناکۆو تەیمور) ژینگەی فارســـی و عەرەبی و گۆرینی زمانی دایک و تەنانەت ناوی بنەرەتی خۆیان و گۆرینی ئاین و مەزهەبیانە، گۆرینی جل وبەرگ و هتد.

هەموو ئەم هۆکـارانە گرفتی گەورە بۆ ونبوویەکی دۆزراوە دەخوڵقێنن، بەتـایبەتی ئەگەرکۆمەڵگە بەرپرسیارانە رەفتاریان لەتەکدا نەکات ڕەنگە دوچاری هەڵەوتاوانیش ببنەوە. نمونەی لەم جۆرەش لەبەردەستن.

هەمیشــە من ئەو قســەیەی زمناکۆ عەلی هەڵەبجەیی لەگوێمدا دەزرنگێتەوە کە پێی گوتم: من زۆر بەوە دڵم دەشـــکێت کە یەکێک دەمبینێ بەحســـابی خۆی خۆشـــەویســـتی خۆیم پێدەبەخشـــێ وهاوسـۆزی پیشـاندەدات بەڵام کاتێک پێمدەڵێن تۆ کوڕە ئێرانیەکەی ؟ ئیدی من بێزار دەبم لەوەی بۆچی پێم ناڵێن تۆ کوڕە هەڵەبجەییەکەی ؟ ئاخر من کوردم ئێرانی نیم ؟ ئەمەو دەیان حاڵەتی دی

. راستییەک هەیە هەق نییە خۆمانی لێلابدەین، چونکە خۆلادان لێی پێش هەرکەسێک بێریزی کردنە بەو مرۆڤانەی ئێستا لە بیابانەکان، دەست وپەنجەیان تێکەڵ بەلم بووە، ڕاستە ستەمکاری ئەمڕۆ لەهی سەردەمی ئەنفال ناچێت، بەڵام لەلۆجیکی ئەنفال بەدەرنییە، پرسیار ئەوەیە ستەمکاری دەسەڵاتی خۆجێیەتی دژی میللەتی خۆی کە زۆری بەدەست ڕژێمەکانی پێشووەوە چەشتووە، ئەمڕۆ بۆچی ولە پای چی ؟ بەداخەوە ستەمکاری ئەمڕۆ هی ئەنفال نییە، بەڵام لەهی سەردەمی ئەنفال دەچیت، ستەمکاری ئەمڕۆ زمانێکی ترسناکترو نهێنیترە ئەو هێزانەی لەدوای بەعس هاتنە پێشەوە هێندە ستەمکارن ئازارەکانی ئەوان خێراتر ڕۆدەچنە جەستەو دەرونمانەوە، ئەنفال هێشتا بەردەوامە بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ زمانێکی سایکۆلۆژی وەرگرتووە. ئەو زمانە کار دەکات بۆ بەمێگەلکردنو کوشتنی گەورەیی مرۆڤەکان و شکاندنی کەرامەتی ئینسان، شێوازێکی دیکەی سیاسیە بەتایبەتی بۆ سیستمە تۆتالیتێرەکانی ئەم ناوچەیە.

**ڕاسپاردەکان**

کێشەی جینۆسایدو مافی بێسەروشوێن بووەکان پێویستی بە چارەسەری ریشەیی هەیە، ئەم دۆسێیە هەتا بڵێی ئالۆزوهەستیارە چەندە سیاسی و ئینسانیە دوو هێندە یاساییە. گەران بەشوێن ونبواندا کارێکی گران وئالۆزە، لەلایەک دەبێت ئاگاداری ئاسایش وسەلامەتی ئەوکەسانە بیت کە لەژیانداماون لەلایەکی تریش دەبێت ئاگاداری هەست وشکۆی خۆیان و کەسوکاریان بیت و لەلایەکی تریشەوە دەبێت وریای بازرگانەکان بیت. بۆیە زۆر جار میدیا ڕۆڵی خراپ دەگێڕێت لە ڕوماڵکردنی هەواڵی دۆزینەوەیان جا چ زیندووبن یان هەواڵی دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ . من لێرەدا ئەم ڕاسپاردانە دەخەمە ڕوو بە مەبەستی کارکردن بە ئاقارێکی مرۆڤدۆستانەدا و لایەنە یاسایی وسیاسیەکانی ئەم دۆسێیەم فەرامۆش نەکردووەو بەلامەوە گرنگن .

1 - حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی لێکتیگەیشتن بدەن، دۆسێی بێسەروشوێنان و تاوانەکانی جەنگ وجینۆساید بکەنە بنەمای لێک تێگەیشتن. یان پێکەوە ژیانی ئاشتیانە یان بەکارهێنانی مافەکان و جیابوونەوە.

2 - هەموولایەک هەوڵ لەگەڵ حکومەتی عێراق بدەن بۆئەوەی بەو تێگەیشتنە بگات کە قەرەبوو کردنەوەی مادی ومەعنەوی مافێکی سەرەتایی هەرگروپێکی جینۆسایدکراوە و ئەوەش دەستکەوتی سیاسی گرنگ بۆ کۆی عێراقیەکان بەدەست دەهێنێ .

3 - ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی چالاکانەتر کاربکەن بۆ هوشیاری دەربارەی مافی قوربانی و دەستنیشانکردنی شوێنی بێسەروشوێنکراوەکان و دۆزینەوەیان، بێگومان دۆزینەوە کۆتایی بەکاری ڕێکخراوەکان و حکومەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان ناهێنێ بەلکو دوای ئەوەش هێشتا دڵنەوایی کردنیان و لەبەرچاوگرتنی باری سایکۆلۆژییان و باشکردنی باری خۆیان و خێزانەکانیان دەمێنێ.

4- لەمەر ئەم دۆسـێیە میدیا بەکاری رابوردوی خۆیدا بچێتەوەو پەیامنێرو پێشکەشکارەکانیان رابهێنن بەزمانێکی شایستە مامەڵە لەگەڵ کەسوکاری ونبووەکان و ئەو کەسانەدا بکەن کە دەدۆزرێنەوە. ناشێت رۆژنامەوان بەتەنها لە سەر زاری شایەتحاڵ و ئەوکەسانە هەواڵ و زانیاری وەرگرێت و بۆخوێنەر یان بینەرو بیسەری بگوازێتەوە. چونکە هەرچەندە رەگەزی ئینسانیشیان تێدابێت هێشتا کێشەیەک هەیە پەیوەستە بەکەرامەت و شکۆی مرۆڤەوە .. بۆنمونە ئازاردانی کەسوکاری هەژدە کچکە بەتایبەتی و کەسوکاری ئەنفالکراوان و خەڵکی کوردستان بەگشتی . پێویستە رۆژنامەوان جەخت لەسەر پرسیارو وەلامی راست وزانیاری بایەخدار بکاتەوە. بۆنمونە لە هەواڵی دۆزینەوەی ١٨ ژن وکچەکەی ناوبەلگەنامەکەدا یان کچانێک کەداعش گرتوونی گرنگ دۆزینەوەیانە نەک ئەوەی لەنادی شەوانەن یاخود لەماڵی پیاوچاکێک. گرنگی بەو کارەکتەرو چیرۆکانە بدەن کە بینای لیبوردەیی وپێکەوە ژیان دەکات

5- هەڵمەتی هوشیاری دربارەی مافی بێسەروشوێنکراوەکان و مافی دەربازبووەکان ، بە کۆڕوکۆمەڵ و وتاری رۆژنامەوانی و سیمنارات و دواجاریش بریارێکی یاسایی بۆ یاساغ کردنی دەستەواژەی بریندارکەر.

6- حکومەتی عێراق وەک میراتگری حکومەتی پێشوو بەرپرسیارێتی گەڕان بەدوای بێسەروشوێنکراوەکان لە ئەستۆبگرێت و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاروهەماهەنگ بێت.

7- ئەوکەسانەی دەدۆزرێنەوە پیویستە لێکۆڵینەوەی مۆدێرن بەتایبەتی DNA بۆبکرێت و گرێ وگۆلەکان نەکەنە بیانوو بۆ کەمتەرخەمی و بەهاناوە چون.

8- خانەوادەی بێسەروشوێنکراوەکان لەگەڵ حکومەتدا هاوکاروهەماهەنگ بن و کاربکەن بۆ دۆزینەوەی کەسوکاریان و حکومەت و رێکخراوەکان هاوکارییان بکەن بۆئەوەی هیچ هۆکارێکی ( ناموس وکۆمەلایەتی وئاینی نەبنە کۆسپ ) لە کەمتەرخەمی نواندن هاوکات یارمەتی بدرێن بۆ تیگەیشتن لە گرنگی لێبوردەیی و ئاشتی و دورکەوتنەوە لە تۆڵەسەندنەوەو حاشا لێکردن.

9- ماندوونەبوون و دورکەوتنەوە لە بێئومیدی و رێگەگرتن لەو پروپاگەندانەی کە تووی نائومێدی بلاودەکەنەوە .

10- هەنگاونان بەرەو ئومێدو لێکتێگەیشتن و هاندانی خستنە روی زانیاری لەلای ئەوکەسانەی سەرەداوی بێسەروشوێنکراوانیان لەلایە بەرەو ستراتیژێکی بەردەوام لە گەڕان بەدوای بێسەروشوێنەکاندا چ لە عێراقدا یان لەوڵاتانی تردا.

11- دەزگاو دامەزراوەی تایبەت بۆ ئەوەی کەسوکاری ونبوان روی تێبکەن و ناوی ونکراوان تۆماربکات و زانیاری دەربارەیان کۆبکاتەوە . هوشیارییان پێشکەش بکرێت هەتا لەنێوان هەڵدانەوەی شێوە یاسایی و هەڵدانەوەی ئینسانی یەکەمیان قبوڵ بکەن.

**تكایە بۆ وەرگرتنی هەندێک دۆسیی تایبەت بەم دۆسێیە سەردانی ماڵپەڕی ئەنفالستان بکە .**

www.anfalistan.com

**ئاشتی ودادپەروەری بۆ هەمووان**

**و**

**سەرکەوتووبن**